# گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران

## باوکێکی نوێ ...

شتاقیان جێ ی متمانە و بڕوا نەبوون ، لەڕووی ئاکارناسی یەوە بەهەموو شت دەچوون تەنیا دایک و باوکی کورد نەبێ بەتایبەتیش لەهەندەران ! مایەی شەرمەزاری و نمونەی چەوتڕەوی هەڵگری کام ڕەفتاری شازی نابەجێ بوون بۆ منداڵەکان . کابرا ڕۆژخەوی شەو بزێو لەدنیای کەسە ئاساییەکاندا نەدەژیا ، شەوانە لەمەیخانەیەک کاری ساقی دەکرد تا دەهەنگڕا مەی دەخواردەوە لەباتی هەموو زانست و زانیاریەک تەنیا مێبازی و ناو جۆری خواردنەوەی بیرەکانی باش دەزانی . ژنەش خۆهەڵکێشی هیچ لەباردانەبووی توزحیز لەهەموو پێڕێک خۆشداکەن و دەچووە پۆتێ ، سیخاری زۆرجار بەقونچکی جگەرەکەی یەکێکی تری دادەگیرساند حەشاشێک هەردەم فووی دەکرد بەبای دەدا ، بۆنی قیرقەنەی لێدەهات بێزی لێ دەکرایەوە . سالآنێکی زۆربوو لەسەرتای هەشتاکانەوە هەندەران هەردوویانی گرتبووەخۆ دەیان ڕێ ی باش کراوەی ڕوو لەسەرکەوتنی بۆ کردبوونەوە بەلآم ئەوان بێ پلان و کورت بین هەر بەژێردا دەچوون . مەترسی گەورە ئەوان پێشەنگ و بەخێوکەری دوو منداڵی چاوگەشی کوردن هەست بەو بەرپرسیاریەتیەش ناکەن ! لەناو کەڵچەر و دابی ڕۆژئاواییدا تواونەتەوە بەئەندازەیەک هەموو جوانیەکی کلتوری کوردیان ڕەتکردووە لەهەمبەردا هەرچی دابی خراپی ڕۆژئاواییشە هەڵیانگرتووە ! هێندە خۆبەکەم دەبینن داهێزراوی هزر و دەروونین . سەرگوزشتەی ڕاگوزەریان زۆرە نازانری کامیان بگێڕدرێتەوە وەک بەرنامەیان بێ هەموو شەش مانگێک کوکەیەکی شورەییان لێهەڵدەستێ ! ئێوارەیەکی هاوینە و چاوەڕوان نەکراو باوکە بەرەوماڵ بۆوە بینی کابرای لۆتی هاوسێ لەگەڵ ژنەکەیدا دانیشتووە نۆشی بیرە و فیکەی جگەرەیان دێ . میوان نی یە دەتوانی بەدەنگی بڵند بڵێی نیمچە

خاوەن ماڵێکە ، یەکی ڕەقەی ئەلکهولی ئێسکگران ، گەردەن و باسک و لاملی کوتراو ، چەندین مل و خەناوکەی لەملە ، گوێکانی سمراوی چەندین ئەڵقەیە کە قسەش دەکا بۆنی دەمی دێ وەکو سەگ دەڕشێتەوە لەدەنگ و دوانی ناخۆش . پیاوە کوردە گەردە غیرەتێکی جوڵا خۆی لەژنەکەی توڕەکرد: ئەمە چی یە ؟ بۆ هاتۆتە ماڵەکەم ؟ دەی ئێستا دەری کە دەرەوە . ژنەش مێش میوانی نەبوو بەتێرزمانە بیانیەکەی کابرای لۆتی تێگەیاند ، کابراش بەرزەپێ بوو تا پێیکرا تێر و پڕی لەباوکە هەڵدا ، هەرچۆنێک و بەپەلەپڕوزێ لەبەردەستی ڕزگاربوو هەڵات چوو بۆ ماڵی ئامۆزاکەی گازەندی خۆی کرد ، چەند شەوێ حەواندیانەوە بڕیاریدا بەشەرەف و ناموس لەژنەکەی جیادەبێتەوە بەڵام چەند ڕۆژێکی نەخایان چۆووە ماڵەکەی خۆی وەک ئەوەی نەبای دی بێ و نەباران ! لەماوەی ڕۆیشتنی باوکەدا کوڕە کوردەی هەندەرانی لەدایکی پرسی کوا باوکم و ئەم کابرایە کێ یە ؟ ئەویش وتی: ڕۆڵە ئەوە باوکێکی نوێ یە !


دڵشاد تاقانە





Dlshadtakana@yahoo.com